## ئیتالیاییەکان لە کوردستان

کوردناسی ئیتالی خاتوو میرێللا گەلێتی وتارێکی بەکەڵکی سەبارەت بە پەیوەندیی گەڕۆک و میسیۆنێر و زانا ئیتالیاییەکان لەگەڵ کوردستان (بە گشتی) نووسیوە، کە کاک جاسم تەوفیق وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و هاوڕێ لەگەڵ پەراوێزێکی زۆر لە شێوەی کتێبێکدا بڵاوی کردۆتەوە.

من ئەو کتێبەم بۆیە هەڵبژارد کە تێیدا زانیارییەکی زۆر لەسەر نووسراوە و پەرتووکی ٣٨ کەس بڵاو کراوەتەوە، کە هەندێکیان سەفەری ئێران و ئەرمەنستانیان کردوە و گەرچی راستەوخۆ بۆم دەرنەکەوت هیچکامیان سەردانی بۆکانیان کردبێت، بەڵام بۆ زانیاریی گشتی سەبارەت بە ناوچەکە لە نێوان سەدەی ١٣ تا ١٩ ی زایینی سەرچاوەیەکی پڕبایەخە و نووسەرانی دوارۆژی مێژووی بۆکان بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی – ئابووری سەرجەمی ناوچەکە (و بۆکانیش وەک بەشێک لەو) دەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن.

بەداخەوە کتێبەکە هەندێک بابەتی تێدا روون نەکراوەتەوە، بۆ نموونە لەم لاپەڕانەدا کاتێ باسی گەڕۆکەکان کراوە، دەست نیشانی شوێنی سەردانەکەیان نەکراوە و نازانرێت ئەو کەسە تایبەتە بە کام شوێنی کوردستاندا تێپەڕ بووە یاخود ئەگەر نووسەرێکە و لە نووسینەکەیدا باسی کوردستانی کردوە، نیازی کام بەشی کوردستان و کامە ناوچە بووە: لاپەڕەکانی ٣٢، ٥٠، ٦٦، ٦٧ و ٧٢.

لەم لاپەڕانەی خوارەوش دا باس لە ئێران و ئەرمەنستان کراوە، کە دوور نییە زانیاریی سەبارەت بە ناوچەی بۆکان یاخود دەوروبەری ئەویشیان تێدابێت:
لاپەڕەکانی ٣٧، ٤٦، ٦٤، ٦٦، ٦٩ و ٨٢.

لە کتێبەکەدا، تایبەتمەندیی هەرکام لە سەرچاوەکان راگەیێنراوە.

میرێللا گەلێتی، *"کورد و کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتالی دا لە سەدەی سیزدەم – نۆزدەم(ز)"* ، وەرگێڕانی جاسم تۆفیق، پیداچوونەوەی سەلاح رێبوار، بنکەی هەنگاو، ١٩٨٧، ستۆکهۆلم، ١١٩ لاپەڕە، کوردی.